**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٨٨٠٣ لە ٢٠٢٥/٦/١٦**

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هێنانەکایەی گوندی (خەڵانی نوێ)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ژمارە (٣٠٦٦) لە ٢٠٢٥/٥/٢٦ و لە بەربەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**خەڵانی نوێ**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٦) لەڕێنمایی سەرەوە لەناحیەی سرێشمە/قەزای خەلیفان لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە ڕووبەری (٢٠، - ، ٦٠) شێست دۆنم و بیست ئۆلک لە سەر کەرتی (٧- ب) خەڵان لەسەر پارچە زەوییەکانی ژمارە (٨٨، ٨٩، ٩٠، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٨) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٩٧٦٧ لە ٢٠٢٥/٦/٢٥**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی ناحیەی (ئیلینجاغ)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩،وبەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/١) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو، وئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٥١) لە ٢٠٢٥/٥/٢٢ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆک وەزیران ژمارە (٢٠٤٢) لە ٢٠٢٥/٦/١٢ و دوابە دوای نووسراومان ژمارە (٨٨٧٦) لە ٢٠٢٥/٣/١٨ سەبارەت بە هێنانەکایەی ناحیەی (**ئیلینجاغ**) لە سنووری گوندی ئیلینجاغی گەورە سەر بە قەزای تەق تەق و گوندەکانی(**شیواشۆک، ئیلینجاغی بچوک، مەرزان، تاڵەبانی گەورە، تاڵەبانی بچووک، کونە گورگ، ناصرئاغا، قورە بەرازەی گەورە، قورە بەرازەی بچووک**) و هەردوونووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (١٣٣٣٢) لە ٢٠٢٤/١١/٢٧ و (١٩٠١) لە ٢٠٢٥/٢/٢٥ و لەبەربەرژەوندی گشتی، بڕیاردرابە:

**یەکەم:**هێنانەکایەی ناحیەی(**ئیلینجاغ**) لە سنووری ئیلینجاغی گەورە/قەزای تەق تەق لەپارێزگای هەولێر.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٦/١٢) وە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢١٩٣٨ لـە ٢٠٢٥/٧/١٧**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (قەشەفرا بنی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمـوارکراو تـایبەت بە فراوانکردنـی گونـدەکان گواسـتنەوەی شـوێنیان و ئامـاژە بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١١٤٠) لە ٢٠٢٥/٤/٦ و نووسراوی پارێزگای دهـــۆك ژمـــارە (٤٠٥١) لە ٢٠٢٥/٧/٨ و دوابەدوای نووســـراومان ژمـــارە (١٨٣٢١) لە ٢٠٢٥/٦/١١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**قەشـەفرا بنـی**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێـی ماددەی (یەکەم/٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە قەزای سێمێل لەسنووری پارێزگای دهۆك بەڕووبەری (٣٢)سی و دوو دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١١٠/ چیای زرکا و شفت هنار و شاخکێ) وەک لە نەخشـەی هـاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆك لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢١٩٤٦ لـە ٢٠٢٥/٧/١٧**

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی گوندی (مایندۆڵ)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمـوارکراو تـایبەت بە فراوانکردنـی گونـدەکان گواسـتنەوەی شـوێنیان و ئامـاژە بەنووســـراوەکانی پارێزگـــای ســـلێمانی ژمـــارە (١٢٩٦١) لە ٢٠٢٤/١١/٢٥ و (٢١٥١) لە ٢٠٢٥/٣/٤ و (٥٦٩٢) لە٢٠٢٥/٦/٢٤ و دوابەدوای هەردوو نووســــــراومان ژمـــــارە (٥٠١) لە ٢٠٢٥/١/٧ و (١٠١٣٢) لە ٢٠٢٥/٤/٧ و لەبەربەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنـی گونـدی (**مایـنـدۆڵ**) و چەسـپاندنی لە سـەر نەخشـەی گادسـترۆ بەپێـی مـاددەی (یەکەم/٤) لە ڕێنمایی سەرەوە سەر بە قەزای سەید صادق لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (١٠٧,٢,٧٣) ســەد و حەوت دۆنــم و دوو ئۆڵــك و حەفتــا و ســێ مەتــر دووجــا لەســەر بەشــێك لە پــارچە زەوییەکــانی ژمـارە (٤/٣٣، ٤/٣٤، ٤/٣٨، ٤/٣٩، ٤/٤٢، ٤/٤٦، ٣ ، ٤/٤٣، ٤/٤٥، ٤/٤٩) لە کەرتــی (١٦/ کانی سپیکە و خانە قیبلە) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سـەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٣٣٥٤ لە ٢٠٢٥/٧/٣١**

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (سەرتەنگا نوی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە هەر دوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٦٧٩٨ لە ٢٠٢٤/١١/١١) و (٣٨٩٥ لە ٢٠٢٥/٧/١) ودوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣٠٤٢ لە ٢٧ /٢٠٢٥/١ ) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**سەرتەنگا نوی**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم /٦ ) و ماددەی (دووەم /٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە قائیمقامیەتی قەزای سێمێل / لە سنووری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٩٨ دۆنم ) نەوەت و هەشت دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/٤) لە کەرتی (١٥/طنک دلب) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاساکاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٦٤٢٥ لە ٢٠٢٥/٨/٤**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی بڕگە (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) وە بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٦٥٢٤ لە ٢٠٢٥/٥/٢٥) وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بریارمان دا بە :-

١- کردنەوەی (تێبینەرایەتی باجی دەرامەت و خانووبەرە) لە قەزای کفری لە سنوری ئیدارەی گەرمیان سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**